www.kurdistannet.org
14-4-2003 2:09

# کوردەکانی شاری نۆرنبێرگ ئاهەنگی ئازادییان گێڕا

ئا/ سیروان بابان/ئەڵمانیا
baban5@msn.com

بەبۆنەی نەمانی ڕژێمی فاشی بەغداو ئازادکردن وگەڕانەوەی گشت شارەکوردوستانیەکانی ژێردەسەڵاتی ڕژێمی دۆڕاو بۆ باوەشی کوردستان. ڕۆژی شەممە ١٢. ٠٤. ٠٣ کوردەکانی دانیشتوی شاری ( نۆرنبێرگ /ئەڵمانیا) ڕێپێوانێکی گەورەو ئاهەنگێکی قەشەنگیان سازکرد. سەرەتا لەکاتژمێر ١٥. ٣٠ لەسەنتەری شارەو پترلە١٢٠ ئۆتۆمۆبیل کە لە کەرنەڤاڵێکی ڕێك وپێکدا بەناو شاری نۆرنبێرگدا گەڕان بەگشتی ئاڵای کوردوستان و ئەمەریکاو بەریتانیا وئەڵمانیا بەسەر ئۆتۆمبیلەکانەوە دەبینران. هەروەها لەکاتژمێر ١٧. ٣٠ڕێپێوانێکی جوان دەستی پێکرد تا سەنتەری شار کەلەوێ ئاهەنگی قەشەنگ دەستی پێکرد سەرەتا سروودی ئەی ڕەقیب لەلایەن منداڵانی قوتابخانەی کوردی نۆرنبێرگ وترایەوە پاشان ووتاری دەستەی بەڕێوەبەرانی ئاهەنگەکە خوێندرایەوەوبەبەشداری چەندگۆرانی بێژێك ئاهەنگەکە ڕزایەوە وە تا کاتژمێر ٢٠. ٣٠ لەناو سەنتەری شاردا گشت لایەك لەنێوهەڵپەڕکێی کوردانەدا گوێبیستی ئاواز و سروودی کوردی بوون.

شایانی باسە بەپێی ڕاگەیاندنێکی دەزگا پەیوەندیدارەکانی شاری نۆرنبێرگ تا ٣١. ١٢. ٢٠٠٢ژمارەی عێراقیەکانی نیشتەجێی ئەم شارە دەگاتە ٣٩١١ کەس کە وا مەزەندە دەکرێت کوردەکان ڕێژەی ٧٠٪ ی ئەم ئامارە پێك بهێنن ئەبێت بووترێت کەجگە لەوئاڵایانەی کەئاماژەی پێکرا هیچ جۆرە ئاڵایەکی پارتە کوردیەکان نەدەبینرا وەکەئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ هۆشیاری خەڵکەکەوکۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ئاهەنگەکە تا هیچ لایەك جگەلەکورد بوون هیچ هەستێکی تر زاڵ نەبێت بەسەریاندا ئەمەلەکاتێکدا هەمووکەس ئازادە لەلایەنگری بۆ هەرلایەنێکی سیاسی کوردی بەبێ ئەوەی هەستی یەکتر بریندداربکرێت.

ئەم وێنانەش گەواهی ئەو ڕاستیانەدەدەن. کلیکی ئێرە بکە بۆ بینینی وێنەکان

سیروان بابان
نۆرنبێرگ /١٢. ٠٤. ٠٣